## سەرنج و تێبینیی بۆ ناردنی بابەت بۆ گۆڤاری کەلێن:

بەڕێزی خۆشەویست، بۆ ناردنی بابەت بۆ گۆڤاری کەلێن، تکایە ڕەچاوی ئەم خاڵانەی خوارەوە بکە:

**یەکەم:**

- پێویستە دەقەکەت، لە هیچ گۆڤار، پەڕتووک و ماڵپەڕ، یان تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بڵاو نەکرابێتەوە.
- پێویستە نووسینەکەت بە وۆرد بنێرییت و بە جۆری یونیکۆد، یونیکورد گۆران (Unikurd Goran)، یان (Times New Roman) بێت.
- سەرچاوە لەگەڵ نووسراوەکاندا هەبێت، ئەگەر نووسراوەکەت ئەوە هەڵبگرێت.
- سەرچاوەکان بە سیستێمی هارڤارد ڕێکبخرێن.
- شیعر و چیرۆک لە پێنج ئەیفۆڕ زیاتر نەبێت و قەبارەی فۆنت ١٤ بێت.

- ڕەخنە و لێکۆڵینەوە، لە ٢٠٠٠- ٢٧٠٠ وشە بێت. پێکهاتبێت لە:
١- پوختە. ٢- پێشەکیی. ٣ ئەنجام. 4 سەرچاوە.

وتار، ئەم تایبەتمەندیانەی لەخۆ گرتبێت:

-1 ڕەخنە، لایەنی ڕەخنەیی لە وتارەکەدا وێنا کرابێتەوە.
-2 سەرەتایەک بۆ دەستپێکردن، وەک مەبەست لە نووسینی ئەم وتارە، دەتەوێت چی بورووژێنیت و چی بڵێیت.
-3 گرینگی تەواو بدرێت بە بۆچوونە کۆک و لێکناکۆکەکانی پێش خۆی (وتارەکە).
-4 ئەنجام بۆ کۆتایی وتارەکە هەبێت.
-5 لەبەرچاوگرتنی ڕەزامەندیی خوێنەر. ئەمەش بە گرینگیدان بە ڕێنووس، ڕازاندنەوە، مۆسیقای وشە و ڕستەکان، ڕێکخستن و

جیاکردنەوەی پارچە (پەرەگراف)ـەکان لە یەکتری.

-6 سەرچاوە لەخۆ بگرێت.

**دووەم:**

پێڕەویی لەم خاڵانە بکرێتن:

| چەندزاراوەیی | یەکزاراوەیی لە کەلێندا |
|---|---|
| – Concept، | چەمک و مەفهوم، تێگە. |
| – جامیعە، | زانکۆ، زانستگە. |
| – قوتابخانە، مەکتەب. (قوتابی، تەلەبە) | خوێندنگە. (خوێندکار) |
| – لۆجیک، لۆژیک، مەنتیق، مەنطیق، | |

**ژیربێژ.**

- **بێهوودەیی.**
- **هیچخوازیی.**
- **پێکهاتەخوازیی.**

دیدگە و ڕوانگە؛ سەرباری ئەوەی «دید» فارسییە و کوردییەکەی «دیت»ە، ئەوە بە خستنەسەری پاشگری «گە« دەبێت بە دیتگە و پێشگر و پاشگری تر؛ نادیتە و دیتەدەر و... تاد. ئەوە پشت دەکەینە دیتگە و وەک زاراوە ڕوانگەمان هەیە و پێویست بە دیتگە ناکات. هەڵبەتە ئەگەر «دید، دیدگا»ش بەکارهێنران، پێویستدەکات بکرێنەوە بە «دیت، دیتگە (ڕوانگە)«.

❊❊❊

– ڕەوت لە شوێنی قوتابخانە ئەدەبیەکان و قوتابخانەی دەروونشیکاریی یان قوتابخانە فەلسەفیەکان، بەکار ببردرێت.

– He و She: لە بابەتەکانی وەرگێڕان، بۆ ڕەگەزەکانی نێر و مێ He و She، دەکرێت سوود لە «وی» بۆ نێر و «وێ»ش بۆ مێ، وەربگیردرێت.

**سەرنج:**
- بۆ زاراوەکانی بێگانە، ئەگەر نەتویست زاراوە کوردییەکە دابنێیت، ئەوە بە ڕێنووسی کوردیی بنووسرێت.
- ڕێنووس و خاڵبەندیی پێوەندیی بە گۆڤاری «کەلێن»ـەوە هەیە و یەکجۆر ڕێنووس و خاڵبەندیی لە گۆڤارەکەماندا پێڕەو دەکەین.

❊❊❊

لە هەر بابەتێکی نێردراو بۆ کەلێن، ئەم پیت و وشانەی خوارەوە، دەکرێنەوە بەو پیت و وشانەی بەرانبەریان، یانیش لادەبردرێن:
- بیرۆکە: هزر.
- ئافرەت، ژن.
- ئیش، کار.
- تیادا، تیایدا، تێیدا.
- بەروار: ڕێکەوت.
- ژیان کردن و ژیان دەکات، هەردووکیان هەڵەی ڕێزمانییان تێکەوتووە و خۆمان لە بەکارهێنانیان دەپارێزین.
- «ئە«: ئەکەم، ئەهێنم، «ئە« بۆ ئاخاوتنە و لە گۆڤارەکەماندا دەکرێتەوە بە «دە«، نموونە: بیردەکەمەوە، دەهێنم، دەخوێنمەوە.
- پێشگرەکانی، وەک دکتۆر و پرۆفیسۆر... تاد، لە گۆڤارەکەدا بەکار ناهێندرێن.

❊❊❊

پاشگری گا و گەریی، فارسیین و کوردییەکەیان «گە و خوازیی (ایەتیی) « هەن. نموونەکانیان: کۆمەڵگە، پێکهاتەخوازیی و ژنایەتیی (فێمێنیزم).

❊❊❊

لە جێگەی ڕێباز (ism)، ئەوە پاشگری «ایەتیی و خوازیی» بەکار بهێندرێت. بۆ نموونە: پێکهاتەخوازیی. ژنایەتیی.
«تاون سەنتەر»، بە بڕی سێسەت هەزار، هاوکاریی ئەم ژمارەیە بووە.